# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دۆخی پەروەردە

# راپۆرتی یەکەم: توندوتیژی بەرامبەر فێرخواز ، بەرەوپێشچون و ئاستەنگیەکان

1/1/2020

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن و باکگراوەندی کێشە |
| 2 | پێشەکی |
| 2 | باکگراوەندی کێشە |
| | بەشی دوەم: هەڵسەنگاندنی کێشە |
| 4 | دەستپێک |
| 4 | فێرخوازان: توندوتیژی کەم بوەتەوە |
| 5 | مامۆستایان: حاڵەتەکانی توندوتیژی کەمی کردوە |
| 6 | بەڕێوبەرانی ناوەندەکان لە بارەی توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخوازان چی دەڵێن؟ |
| 6 | بۆچونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی |
| 7 | ئەمساڵ هیچ سکاڵایەک لەبارەی توندوتیژییەوە تۆمار نەکراوە |
| 8 | بەرپرسانی پەروەردە جەخت لە کەمبونی حاڵەتەکانی توندوتیژی دەکەنەوە |
| 9 | بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردە |

## بەشی یەکەم: ناساندن و باکگراوەندی کێشە

### 1. پێشەکی
یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لە دو ساڵی رابردودا (48) راپۆرتی لە هەردو بواری تەندروستی و پەروەردە لە گەرمیان ئامادەکرد، کە هەر کەرتە و لە ڕێگەی (24) راپۆرتی وردەوە بەدواداچون بۆ کێشەکانیان کرابو.

لە وەرزی سێیەمی کارکردنی یەکەکەمان، شێوازی راپۆرتەکانمان گۆڕانکاریی بەسەرداهێناوە، بەشێوەیەک مانگانە هەرجارە و لە کەرتێکی گشتی دا بەدواداچون دەکەین بەدەر لە کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە.

بەڵام ئەمە مانای کۆتاییهاتن بە بەدواداچونمان بۆ ئەو دو کەرتە نابێت، بەڵکو هاوشانی ئەو راپۆرتە مانگامانە، هەر 3 مانگ جارێک راپۆرتێکی هەڵسەنگاندن و بەدواداچون بۆ یەکێک یان زیاتری ئەو کێشە و دیاردە و حاڵەتانەی بواری تەندروستی و پەروەردە دەکەین، کە پێشتر و لە کاری 2 ساڵی رابردومان دا راپۆرتمان لەسەریان کردوە، ئەم کارەشمان ناو ناوە "راپۆرتی هەڵسەنگاندن".

یەکەم راپۆرتی هەڵسەنگاندنمان لە بواری پەوەردە دەبێت و بەدیارییکراوی لەسەر توندوتیژییە لە ناوەندەکانی خوێندن.

لەمیانەی ئەم راپۆرتەوە، لەسەر زاری هەمو لاکانی بەشدار لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، لەسەر ئەوە دەوەستین کە تاچەند لەچاو ئەو راپۆرتەی لە مانگی (ئایاری 2019) ئەنجاممان داوە، بەرەوپێشەوەچون رویداوە، یان بەپێچەوانەوە پاشەکشە هاتوەتە ئاراوە؟

### 2. باکگراوەندی کێشە
لە راپۆرتی ژمارە (20)ی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان بۆ کەرتی پەروەردە، کە وەک ئاماژەمان پێدا لە مانگی (ئایاری 2019) بڵاوبوەتەوە، لەبارەی پرسی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن لە گەرمیان، بەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتوین:

ا. ئەگەرچی توندوتیژی بە یاسا قەدەغەکراوە، بەڵام هێشتا هەر بەرامبەر بە فێرخواز پەیڕەو دەکرێت، ئەگەرچی حاڵەتەکانی توندوتیژی جەستەیی کەم و سنورادارە، بەڵام توندوتیژی دەرونی جێگەی گرتوەتەوە، بەتایبەتی توندوتیژی گوفتاری، لە وێنەی وتنی قسە و جنێوی نەشیاو بە فێرخوازان.

ب. هەستناکەین بەڕێوبەرایەتیەکانی پەروەردە ئەم بوارەیان زۆر بەهەند وەرگرتبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە نەکردنەوەی بەردەوامی خولی راهێنانی مامۆستایانە، دانەنانی ڕێکاری رون و راشکاوە بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و نەبونی ئالیەتی گونجاوە بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتانە.

–ت. پەروەردە کەمتەرخەمە لەوەی ساڵانە خولی راهێنانی پێویست لەمبارەیەوە ناکاتەوە، مامۆستایان بەوپێیەی راهاتون کە بە ترس و توندوتیژی فێرخواز ناچار بە گوێبیستن بکەن، پێویستیان بەوەیە

ئالیەتی تازە و بژاردەی پەروەردەیی نوێیان بۆ رون بکرێتەوە و بخرێتە بەردەستیان بۆ ئەوەی لە مامەڵەیان لەگەڵ فێرخوازان پشتی پێببەستن.

-پ. پێویستە پەروەردە ئالیەتێک دیاریی بکات بەوەی کە فێرخواز توندوتیژی بەرامبەر کرا چی بکات؟ چونکە هیچ ئالیەتێک بونی نیە، بیرکردنەوە لەدانانی سندوقی سکاڵا یان هێڵی تەلەفۆنی گەرم کە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرێوبەرایەتیەکانی پەروەردەوە هەبێت، لەو هەنگاوانەن کە دەکرێت بنرێن.

-ج. رۆڵی توێژەرانی پەروەردە لەم بوارەدا وەک زۆر بواری دیکە، نارونە، دەکرێت توێژەران رۆڵیان هەبێت لە روی هۆشیاریەوە، بە کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان بەوەی چۆن دور بکەونەوە لە توندوتیژی و چۆن رێگای بەدیل بۆ مامەڵە لەگەڵ فێرخوازان بگرنە بەر؟ هەروەها بۆ فێرخوازانیش کە لەکاتی توندوتیژی دا چی بکەن و چ رێگایەکی کارگێڕیی یان یاسایی بگرنەبەر؟

## بەشی دووەم: هەڵسەنگاندنی کێشە

### 1. دەستپێک

لەمیانەی ئەم راپۆرتەوە بەدواداچون دەکەین لەسەر ئەوەی تاچەند حاڵەت/کێشەکە بەردەوامی هەیە؟
ئەگەر هەیە قەبارەی چەندە و ئەگەر نیە چەند کەمیکردوە؟
ئەو رێوشوێنانەی گیراونەتەبەر چیە؟ ئەم پرسە تاچەند گرنگیی پێدراوە و ئالیەتی پێویستی بۆ گیراوەتەبەر؟
لەسەر زاری فێرخوازان و کەسوکاریان و هەروەها مامۆستایان و توێژەران و بەڕێوبەر و بەرپرسانی پەروەردەوە، بەدواداچون بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکەین.

### 2. فێرخوازان: توندوتیژی کەم بوەتەوە

ئەو گۆڕانکارییەی کە لە سیستەمی پەروەردە هاتوەتە ئاراوە بوەتە هۆی ئەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن کەم ببێتەوە، ئەمەش بە وتەی فێرخوازان.
ئەلەند ئازاد، قوتابی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (پێشکەوتن)ی بنەرەتی لە قەزای کەلار، وتی: "هیچ کات نەبوە مامۆستا لێمان بدات، بەڵام هەندی کات قسە بە هاوڕێکانم دەڵێت، چونکە زۆر عەجولن و لە کاتی ئەوەی مامۆستا دەرس دەڵێتەوە قسە دەکەن".
لە هەمان کاتدا (دیە حسێن)، قوتابی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (ژین)ی بنەڕەتی لە کەلار، هێمای بۆ ئەوە کرد: "ئەمساڵ لێدان نەبوە لەلایەن مامۆستاکانمانەوە بەتایبەت بە کچەکان، چونکە عەجولی ناکەین، بەڵام بۆ کوڕەکان بەس قسەیان پێ دەڵێن، هەندێکجار لەبەر عەجولیان ئەیان نێرنە ئیدارە".
هەندێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن کەوا توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخوازان لە ناوەندەکان کەمی کردوە لە چاو ساڵانی رابردو، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەدا کراوە.
پەیوەند محەمەد، خوێندکاری پۆلی یانزەی ئامادەیی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار، وتی: "لەم چەند ساڵانەی رابردودا توندوتیژی دژ بە فێرخواز کەمی کردوە جا چ جەستەیی بێت یان دەرونی، بەتایبەت ئەمساڵ کە گۆڕانکاریەکی بەرچاو لە سیستەمی خوێندندا کراوە، بۆیە لە زۆربەی ناوەندەکان و بەتایبەت ئەو ناوەندەی من تێیدا ئەخوێنم توندوتیژی جەستەیی زۆر کەمە".
فێرخوازێک باس لەوە دەکات کە بەهۆی گۆڕینی ستافی ئیداریی ناوەندەکەیان توندوتیژی لە ناوەندەکەیان نەماوە وەک ساڵانی رابردو.
رۆژ محەمەد حەسەن، قوتابی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار، باسی لەوە کرد: "بەهۆی گۆڕینی بەڕێوبەری ناوەندەکەمان لەگەڵ هەندێک لە مامۆستایان کە توندوتیژ بون، توندوتیژی نەماوە لە ناوەندەکەمان، چ جەستەیی چ دەرونی لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دەوامدا".

## 3. مامۆستایان: حاڵەتەکانی توندوتیژی کەمی کردوە

مامۆستایان باس لەوە دەکەن کەوا حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکان لە چاو ساڵانی رابردو کەمی کردوە.

بەڕێز عەباس، مامۆستا لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار، باسی لەوە کرد: "توندوتیژی دەرونی زیاترە لە توندوتیژی جەستەیی، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی دڵخۆشبین بەوەی کە توندوتیژی جەستەیی کەمترە واتە دۆخەکە باشترە، نەخێر هەندێکجار توندوتیژی دەرونی وەها بەکاردەهێنرێت لە جەستەیی کاریگەری زیاترە".

وتیشی: ئەمساڵیش توندوتیژی بەکاردەهێنرێت و رێژەکەشی لە خوێندنگایەکەوە بۆ خوێندنگایەکیتر دەگۆڕێت، چونکە خوێندنگا هەیە رێژەی توندوتیژی تێیدا زۆرە و هەیە رێژەکەی کەمترە.

باسی لەوەشکرد: توندوتیژیەکان لە قۆناغی بنەڕەتی زیاترە وەک لە ئامادەیی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە هەردو قۆناغەکە توندوتیژی بونی هەیە، پێیشیوایە ئەمساڵ بەهۆی جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی وەزارەت (بریتش کاونسڵ)ەوە توندوتیژییەکان کەمی کردوە، بەڵام وەکخۆی وتی: "هێشتا جێگەی دڵخۆشی نییە".

مامۆستایەک باس لەوە دەکات کە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکان بونی هەیە، بەڵام کەمترە لە چاو ساڵانی رابردو.

هەیفا مەجید، مامۆستا لە قوتابخانەی (شنۆ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، لە بارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن، وتی: "حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکان هەر بونی هەیە، بەڵام بۆ ئەمساڵی خوێندن کەمترە، ئەوەشی هەیە زیاتر توندوتیژی دەرونیە وەک لە جەستەیی".

دەشڵێت: من لە لیژنەی توندوتیژیم لە ناوەندەکەی خۆمان، بۆ ئەمساڵ حاڵەتی وامان هەبوە کە مامۆستا سزا دراوە لەسەر توندوتیژی کردن و بابەتی لێوەرگیراوەتەوە، ئەگەرچی هەندێک جاریش حاڵەتەکان کپ دەکرێنەوە لە ناوەندەکان دا.

مامۆستایەک باس لەوە دەکات دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆکاربون بۆ کەمبونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن.

مەردان حەمید مەجید، مامۆستا لە ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: حاڵەتەکانی توندوتیژی کەم بوەتەوە و مامۆستایان زیاتر پابەندن بە رێنمای وەزارەتی پەروەردە، رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندنیش ناڕاستەوخۆ هۆکاربون بۆ کەمبونەوەی حاڵەتەکە.

"ئەمساڵ لە چاو ساڵانی رابردو جیاوازییەکی زۆر هەیە، بە جۆرێک پێشتر توندوتیژی زۆر بوە و بە ئێستاشەوە هەیە، بەڵام ساڵ تا ساڵ کەم و کاڵ دەبێتەوە، بەجۆرێک توندوتیژی جەستەیی نەماوە و ئەوەی هەیە دەرونیە، لەگەڵ ئەوەش نەبوە کەیسێک بگاتە دادگا بۆ سزادانی مامۆستایەک، بەڵکو هەر لە رێگەی سوڵحی عەشایەرییەوە بابەتەکە چارە کراوە و رێگە نەدراوە بڵاوببێتەوە". قانع ساڵح، مامۆستا لە قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، وای وت.

## 4. بەڕێوبەرانی ناوەندەکان لە بارەی توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخوازان چی دەڵێن؟

بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن کۆکن لەسەر ئەوەی کە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکان ئەمساڵ لەچاوساڵی رابردو کەمی کردوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە وەزارەتی پەروەردە سیستەمێکی نوێی لە ناوەندەکان جێبەجێکردوە، سەرباری هۆشیاری خودی مامۆستایان.

"حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکان جیاوازترە، ئەمساڵ زۆرکەم بوەتەوە، ئەوەشی هەیە دەرونییە، سیستەمی (بریتش کاونسڵ) وایکردوە حاڵەتەکە کەم ببێت و رۆڵێکی باشی هەبێت لەوەی کە زیاتر گرنگی بە خوێندکاران دەدرێت". ئەیاد محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، وا دەڵێت.

بەرێوبەرێک باس لەوە دەکات حاڵەتەکانی توندوتیژی کەم بونەتەوە بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی.

محەمەد عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری قوتابخانەی (رزگاریی) بنەڕەتی لە قەزای کفری، وتی: "حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکان زۆر کەم بوەتەوە و گەشتوە بەڕادەیەک کە هەر نەمێنێت، جێبەجێکردنی بەرنامەی (بریتش کاونسڵ) وایکردوە کە کاریگەری بەرچاوی هەبێت، لەگەڵ ئەوەش هۆشیاری مامۆستایان و دایکان و باوکانیش هۆکارن بۆ کەمبونەوە، ئەگەرچی هەر حاڵەت هەیە لە قۆناغی بنەڕەتی".

لە هەمان کاتدا (دانا عوسمان)، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیاریی) بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "حاڵەتی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن دا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشتردا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتوە و تاڕادەیەکی زۆر باش ئەو حاڵەتە بنەبڕ کراوە، رەنگە بە رێژەیەکی کەم روبدات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نابینرێت کە ببێتە دیاردەیەکی بەرچاو".

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چاودێرن بەسەر کەرتی پەروەردەوە، ئەمەش وایکردوە حاڵەتەکانی توندوتیژی کەم ببێتەوە، سەرباری ئەو سیستەمە نوێیەی کە هەیە لە ناوەندەکان دا.

زانا نەجیب، بەرێوبەری ئامادەیی (باکور) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن ئەمساڵ زۆر کەم بوەتەوە، تەنانەت لە ناوەندەکەمان ئەمساڵ بێ کێشە بوین لەو روەوە، هۆکاری ئەمەش ئەو سیستەمە نوێیەیە کە جێبەجێکراوە لە ناوەندەکان و هۆشیاری مامۆستایان و فێرخوازان خۆشیان کە وایکردوە حاڵەتەکان کەم ببنەوە".

باسی لەوەشکرد: دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هۆکارن بۆ ئەوەی حاڵەتەکە کەم ببێتەوە، چونکە بون بە چاودێر لەسەر کەرتی پەروەردە.

## 5. بۆچونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی

توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندن، باس لەوە دەکەن کە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن کەمی کردوە لە چاو ساڵانی رابردو دا.

رۆژە فەقێ سلێمان، تویژەری کۆمەڵایەتی و رێنمایکاری پەروەردەیی لە قوتابخانەی (مەریوان)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "توندوتیژی دەرونی و جەستەیی لەناوەندەکانی خوێندندا ئەمساڵ زۆر جیاوازترە لەچاو ساڵانی رابردودا و زۆر کەمی کردوە، هۆکارەکەیشی دەگەڕێنمەوە بۆ سیستەمی

(بریتش کاونسڵ)، چونکە زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگیدان بە پەروەردەکردنی لایەنی دەرونی فێرخواز".

وتیشی: هەروەها ئەو خول و سیمینارانەی لەلایەن پەروەردەوە بۆ سەرجەم بەڕێوبەرەکان کراوەتەوە و جەخت لە ئەنجام نەدانی توندوتیژی کراوەتەوە، ڕۆڵ و کاریگەریی هەبوە.

بەپێچەوانەوە، هێرۆ حەسەن، توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە قوتابخانەی (شەهید هاپۆ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "لەناوەندەکانی خوێندن هەردو جۆرە سزاکە هەم دەرونی و هەم جەستەیش بەکاردەهێنرێت".

وتیشی: ناتوانین بڵێین حاڵەتەکە نەماوە، بەڵێ هێشتا هەر ماوە و زۆرێک لەمامۆستایان خەفەت بۆ ئەوە دەخۆن کە لاوازی ئاستی زانستی قوتابی و وەستانەوەی قوتابی لەڕوی ماموستایاندا دەگێڕنەوە بۆ نەمانی سزا.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: تەنانەت زۆرێک لەمامۆستایانیش لە تۆڵەی ئەوەی کە وادەزانن تەنها سزای جەستەیی نەماوە، سزای دەرونی و سوکایەتی پێکردن بەکاردەهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا تاڕادەیەکی باش لەچاو ساڵانی ڕابردودا حاڵەتەکە کەمی کردوە.

پێیشیوایە فێرخوازان تادێت زیاتر بەمافەکانیان ئاشنا دەبن و هەمو جۆرە سزایەک ڕەد دەکەنەوە و دژی دەوەستنەوە.

توێژەر و ڕێنمایکارێکی پەروەردەیی باس لەوە دەکات ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی باشیان هەبوە لە نەهێشتنی حاڵەتەکانی توندوتیژیی لە ناوەندەکانی خوێندن دا.

ئەردەڵان عەزیز، توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: زیاتربونی هۆشیاری مامۆستایان یەکێکە لە هۆکارەکانی کەمبونەوەی توندوتیژیەکان، سەرباری ئەوەی کە خێزانەکانیش ئاستی هۆشیارییان باش بوە و ڕێگە نادەن منداڵەکانیان ڕوبەڕوی توندوتیژی ببنەوە، لەگەڵ ئەوەش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی باشیان هەبوە لە چاودێرییکردنی ناوەندەکان و کەمبونەوەی دیاردەکە.

## 6. ئەمساڵ هیچ سکاڵایەک لەبارەی توندوتیژییەوە تۆمار نەکراوە

نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکان کەم بونەتەوە، بەڵگەشیان ئەوەیە لەماوەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنەوە تاوەکو ئێستا، هیچ سکاڵایەک کە پەیوەندیی بە توندوتیژییەوە هەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن، تۆمار نەکراوە.

خەبات ڕەشید، بەڕێوبەری پێشوی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، لەبارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن لەمساڵدا لە چاو ساڵانی ڕابردو باسی لەوە کرد: "لە سەرەتای دەوامەوە هیچ سکاڵایەکی فێرخواز یان خێزانەکانیان نەهاتوەتە لامان و حاڵەتەکە نەبوە تائێستا".

وتیشی: هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ساڵانی ڕابردو بە بەردەوامی جەختمان لەوە کردوەتەوە کە نابێت توندوتیژی هەبێت لە ناوەندەکان، سەرباری ئەوەی کە سیستەمێکی نوێ لە ناوەندەکان جێبەجێ کراوە، ئەمە وایکردوە کە حاڵەتەکە کەم ببێتەوە و بەڕێوبەران و مامۆستایانیش ئاشنا بکات بە مافەکانی منداڵان و ڕێزگرتن لێیان.

## 7. بەرپرسانی پەروەردە جەخت لە کەمبونی حاڵەتەکانی توندوتیژی دەکەنەوە

بەرپرسانی پەروەردە باس لەوە دەکەن حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن کەمی کردوە، بەشێک لە هۆکارەکانیش بۆ بونی چاودێریی دەگێڕنەوە.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕیوبەری پەروەردەی کەلار، وتی: "حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوندەکانی خوێندن بە بەراورد بە ساڵی رابردو بە رادەیەکی باش کەمی کردوە، ئەگەرچی چەند سکاڵایەک هەبوە و بەدواداچونمان کردوە و سەربارى ئەوەی سکاڵاکار سکاڵاکەی کشاندوەتەوە، بەڵام هەر نەوەستاوین و بەردەوامین لە بەدواداچون".

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو راپۆرتەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کە لەسەر توندوتیژی دژ بە فێرخواز ئامادەکرابو، کەموکورتیەکانی ئەو بوارەی بۆ خستینە بەر باس و هاوکارێکی باش بو بۆ ئێمە کە بەدواداچونی زیاتر بکەین و چارەسەری کەموکورتیەکان بکەین.

جەختیشیکردەوە پیادەکردنی سیستەمی (بریتش کاونسڵ)، یەکێکی ترە لە هۆکارە کاریگەرەکانی کەمبونەوەی توندوتیژییەکان.

لە هەمان کاتدا (ئیسماعیل سەمین)، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری لە بارەی جیاوازی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ ئەمساڵ لە چاو ساڵانی رابردو، دەڵێت: "ئەمساڵ حاڵەتی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن لە چاو ساڵانی رابردو زۆر کەمی کردوە، ئەگەرچی ئەمساڵ دو سکاڵامان هەبوە و بەدواداچونمان بۆ کردوە بەو رادەیە نەبوە کە سکاڵا هەبوە".

بەهەمانشێوەی بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، بەڕێوبەری پەروەردەی کفریش جەخت لەوەدەکاتەوە چاودێریەکانی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، جێگەی گرتوە، بەتایبەت لەروی دەستنیشانکردن و خستنەڕوی کەموکورتیەکان.

## بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردە

### ا. دەرەنجام:

1. ئاماژە و پێدراوەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن بە رادە و ئاستێکی باش کەمیکردوە، ئەگەرچی پێوانەکردنی تەواوەتی ئەم حاڵەتە پێویستی بە پێوەری وردتر و بەدواداچونی بنکۆڵتر هەیە.

2. توندوتیژیە جەستەییەکان لەنمونەی لێدان، زۆر کەمی کردوە، بەڵام هێشتا بنبڕ نەکراوە، لەزۆر شوێنیش دا توندوتیژی دەرونی جێگەی گرتوەتەوە.

3. ئەگەرچی هێشتا زوە بۆ بڕیار لێدانی، بەڵام بەرنامە و سیستەمی (بریتش کاونسڵ) لە ناوەندەکانی خوێندن، رۆڵی هەبوە لە کەمبونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی و لەقاڵبدانی.

4. چاودێریی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن، رۆڵی هەبوە لە کەمبونەوەی حاڵەتەکان، چ بە دروستکردنی هۆشیاریی، یان چاودێرییکردن.

5. پەروەردەی قەزاکان بەدواداچونیان باشتر کردوە بۆ بەدواداچونی دۆسیە و حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن، هەست بە جیدییتر بونیان دەکرێت لە چارەسەرکردنی کێشەکە.

6. کۆڕ و سیمینار و چالاکی دیکەی هۆشیاریی، رۆڵیان هەبوە لە بڵاوکردنەوەی ئاگایی لەبارەی خراپی ئەم حاڵەتە و کەمبونەوەی.

### ب. راسپاردەکان

1. گرنگە ئەو پێداگیریی و مکوڕیەی هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن، درێژەی پێبدرێت، لە هەرشوێنێک کەموکورتیەک هەبێت چارەسەربکرێت بەزویی بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکان زوتر و باشتر بەدیی بێن.

2. کردنەوەی خول و راهێنانی هۆشیاریی بۆ مامۆستایان لەبارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی و زیانەکانی، کارێکی گرنگە و پێویستە پەروەردەکان پلانی تایبەتیان هەبێت لەو رووەوە، بەتایبەتی لە روی ئاشناکردنی مامۆستایان بە مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازان بەبێ پەنا بردن بۆ توندوتیژی.

3. پێویستە پەروەردەکان جیدیی بن لە بەدواداچونی سکاڵاکانی توندوتیژی، لەکاتی کشانەوەی سکاڵاکانیش دا خۆیان بەدواداچونی پێویست بکەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکان و دەرخستنی راستی حاڵەتەکان.

4. گرنگییدان بەو چالاکیانەی وادەکەن فێرخوازان و مامۆستایان زیاتر پێکەوە کار بکەن و هاوکار بن، سیستەمی (بریتش کاونسڵ) لەمڕووەوە هاوکارێکی باشە.

5. برەودان و ئاسانکارییکردن بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیی و دەزگاکانی راگەیاندن، بەمەبەستی چاودێرییکردنی ئەم سێکتەرە و بەهەند وەرگرتنی ئەو راپۆرت و زانیارییانەی باس لە بونی توندوتیژی دەکەن و بەدەمەوەچونیان بەشێوەیەکی خێرا.

**٭ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناس ساڵح

**٭ بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

yakaychawderigarmyan@gmail.com    Radiodeng@yahoo.com

www.radiodang.org